# ئایا دەتەوێت کێشەی پەیوەست بە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکە چارەسەر بکەیت؟

## گەڕان بەدوای ئاشتیدا

## ڕێنمایی سەرەتایی

**یەکەم جار،** یەکێک لەم خشتانەی خوارەوە هەڵبژێرە کە لەگەڵ بارودۆخی تۆدا دەگونجێت.

پێت وایە کە کەسێک ئازاری داویت یان سووکایەتی پێ کردوویت.

باوەڕت وایە کە کەسێک ئازاری کەسێکی دیکەی داوە یان سووکایەتی پێ کردووە.

وا دەردەکەوێت کە تۆ سووکایەتیت بە کەسێک کردووە یان ئازارت داوە.

کەسێک هاتووە بۆ لات بۆ ئەوەی باسی ناکۆکی نێوان دوو کەسی دیکەت بۆ بکات.

**ئینجا** دەور و ڕۆڵی خۆت بگێڕە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو وێنەیەی کە لەگەڵ تۆدا دەگونجێت.

## هەنگاوی یەکەم

## لەگەڵ خودا گفتوگۆ بکە

پێش ئەوەی کە بڕیار بدەیت ئاخۆ لەگەڵ کەسی بەرامبەردا قسە بکەیت یان نا، نوێژ بکە و ئەم قۆناغانە ببڕە.

### خۆت لە زەمکردن و لەپاشەملە قسەکردن بەدوور بگرە

لە لای هیچ کەسێک بە شێوەیەکی نەگونجاو و نەشیاو باسی کەسێکی دیکە مەکە.

پەندەکانی سلێمان ١٦: ٢٨؛ ٢٥: ٨- ١٠؛ ٢٦: ٢٠

### شیکردنەوە

کێشە سەرەکییەکە لە چیدایە؟ ئایا کێشەکە بەهۆی جیاوازی کەلتوری یان کەسایەتییەوە سەرهەڵداوە؟ یان بەهۆی هەڵەتێگەیشتنەوەیە؟ ڕێنەکەوتنێکی شەرعی؟ دەکرێت پێی بگوترێت گوناح؟ چۆن دەتوانیت باسی کێشەکەی بکەیت لە ڕوانگەی چاوەڕوانی ناخۆش، ناڕوون، یان نایەکسان؟ ئایا ئەم چاوەڕوانییانە شەرعی و لۆژیکی و پڕ لە خۆشەویستی و ڕوونە؟

پەندەکانی سلێمان ٢٣: ٢٣؛ ئەفەسۆس ٤: ٢٥

### هەڵسەنگاندن

ئەگەر بتوانیت لە سووکایەتییەکی تاکەکەسی خۆش بیت، ئەوا بڕیار دەدەیت کە باسی نەکەیت. بەڵام بیر لەوە بکەوە کە ئەو سووکایەتییە دەکرێت گەورە و جدی بێت. ئەو هەڵسوکەوتە هەڵەیەی کە ئەنجام دراوە یان ئەو قسە نادروستانەی کە گوتراون هەتا چ ڕادەیەک دەتوانێت کاریگەری نەرێنی لەسەر خودی کەسەکە یان کەسانی دیکە هەبێت؟ ئایا ئەو هەڵەیە زیانی بۆ کڵێسا و مەسیح هەیە؟ ئایا کتێبی پیرۆز ئەم هەڵەیە بە گوناح ناوزەد دەکات؟ ئایا خووت پێوە گرتووە یان هەڵەیەکە و یەک جار ئەنجامت داوە؟ هەتا هەڵەکە گەورەتر و جدیتر بێت، ئەوا دەبێت زیاتر بیر لەوە بکەیتەوە کە لەگەڵ بەرامبەرەکەتدا قسەی لەسەر بکەیت. پەندەکانی سلێمان ١٩: ١١؛ یەکەم پەترۆس ٤: ٨؛ کۆلۆسی ٣: ١٢- ١٤؛ گەلاتیا ٦: ١- ٢؛ یاقوب ٥: ١٩- ٢٠؛ تیتۆس ١: ٧؛ مەتا ١٨: ١٥؛ فیلیپی ٢: ٢- ٤

### بە دروستی حوکم بدە

ئایا پێشوەخت حوکمت داوە یان حوکمێکی نادروستت داوە؟ ئایا لایەنگری یەکێک لە لایەنەکان دەکەیت؟ ئایا ڕاستیت دەربارەی ئەو هەڵانەی کە ئەنجام دراون پشتگوێ خستووە یان یان گەورەت کردوونەتەوە؟ پەندەکانی سلێمان ١٧: ١٥؛ ١٨: ١٧؛ لێڤییەکان ١٩: ١٥؛ یەکەم تیمۆساوس ٥: ٢١؛ یۆحەنا ٧: ٢٤؛ مەتا ٧: ١- ٢

### کاریتەکە لە چاوی خۆت دەربێنە

دەوری تۆ لە سەرهەڵدانی ئەم کێشەیەدا چی بووە؟ دەکرێت چ ڕێگرییەک لە دڵ یان مێشکتدا هەبێت کە ڕێگە نادات ئەم کێشەکە، خۆت، یان کەسی بەرامبەرت بەشێوەیەکی بابەتی و لە ڕوانگەی خوداوە ببینیت؟

مەتا ٧ :٣-٥؛ ١ پەترۆس ٢ :١

### لێخۆشبوون

ئایا لە دڵی خۆت و لەبەردەم خودا کەسی بەرامبەرت بەخشیوە؟ ئایا لێیان خۆش دەبیت ئەگەر تۆبە بکەن و لەلای تۆ دان بە گوناهەکەیاندا بنێن؟ ئایا دەتوانیت ڕاستگۆیانە نوێژێکی وەکو ئەمە بکەیت؟ "ئەی یەزدان، دەمەوێت لێیان خۆش بم وەکو چۆن تۆ بەهۆی مەسیحەوە لە من خۆش بوویت". "دەمەوێت بە چاوی نیعمەت و بەزەیی تۆوە بیانبینم". "یارمەتیم بدە کە مێشکم نوێ بکەمەوە؛ نامەوێت بیرەوەری خراپ لەم کێشەیە وەبیر خۆم بهێنمەوە". "یارمەتیم بدە کە هەرگیز بە شێوەیەکی نەگونجاو باسی ئەم کێشەیە بۆ کەسی بەرامبەر و کەسانی دیکەش نەکەم". "تکایە بە خۆشەویستی خۆت بەرەکەتداریان بکە".

ئەفەسۆس ٤: ٣١- ٣٢؛ پەندەکانی سلێمان ١٧: ٩؛ کۆلۆسی ٣: ١٣؛ فیلیپی ٤: ٨؛ مەتا ٦: ١٥؛ ١٨: ٣٥.

### داوای ڕاوێژی گونجاو بکە

(ئارەزوومەندانە) چۆن کەسێکی دانا و بێلایەن دەتوانێت باشتر لە دەور و ڕۆڵەکەتدا لە قۆناغی یەکەمدا هاوکاریت بکات؟

پەندەکانی سلێمان ١: ٥؛ ١٢: ١٥؛ ١٩: ٢٠

### دڵت بپشکنە

داوا لە خودا بکە کە نیەت و خواستی دڵت بۆ ئاشکرا بکات. چۆن بەپێی کتێبی پیرۆز وەسفی نیەت و خواستی دڵت بۆ هەڵبژاردنی قسەکردن یان قسەنەکردن لەگەڵ کەسی بەرامبەردا دەکەیت؟ بە تووڕەیی و بە مەبەستی شەرمەزاری کردن یان لەبەر ئازاری ویژدان سەردانی مەکە. ڕێگە مەدە کە ترسی بێ هۆ، فیز و شانازی، یان نەبوونی خۆشەویستی لە دڵتدا لە قسەکردن لەگەڵیان دوورت بخەنەوە. زەبوورەکان ١٣٩: ٢٣- ٢٤

### لە بەشی خۆت تۆبە بکە

ئەگەر بەشت لە سەرهەڵدانی ئەم کێشەیەدا هەیە، ئەوا ئامادەیی ئەوەت تێدا بێت کە دان بە گوناهەکەتدا بنێیت و لە لای خودا و کەسەکەی دیکەدا تۆبە بکەیت. چۆن دەتوانیت خۆت نزم بکەیتەوە و ڕێز لە کەسی بەرامبەرت بگریت و سەبارەت بەو کارەی کە ئەنجامت دا ڕاستگۆ بیت؟ لە کاتی دانپێدانانەکەتدا ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگرە: بەتایبەتی بەرپرسیاریەتی ئەو کارە بە ئەستۆ بگرە کە ئەنجامت داوە، بەڕوونی باسی هەڵەکەت بکە، لە بیانووهێنانەوە و تۆمەتبارکردنی کەسانی دیکە خۆت بەدوور بگرە و نیشانی بدە کە بەڕاستی دڵتەنگ و پەشیمانی. ئەگەر ئەو کارەی کە کردووتە گوناهە، ئەوا لە ڕوانگەی کتێبی پیرۆزەوە باسی بکە. نیشانی بدە کە تۆ ئاگاداری ئەو ناخۆشی و باجە هەی کە خستووتە سەریان و داوای لێبووردنیان لێ بکە. لە بەرامبەرەکەت بپرسە ئاخۆ شتی دیکە هەیە کە پێویست بکات بەرپرسیاریەتییەکەی هەڵبگریت.

مەتا ٥: ٢٣- ٢٤؛ دووەم کۆرنسۆس ٧: ٨- ١١؛ پەندەکانی سلێمان ٢٨: ١٣؛ یاقوب ٤: ٦

### ئەرک و ڕۆڵی خۆت بخە ژێر پرسیارەوە

ئایا تۆ گونجاوترین کەسیت کە بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکە ڕووبەڕووی کەسی بەرامبەر ببیتەوە؟ ئەگەر نیت، ئەدی کێ بە گونجاو دەزانیت؟

پەندەکانی سلێمان ٢٦: ١٧؛ مەتا ٧: ١٢

### بەرپرسیاریەتی خۆت بگرە ئەستۆ

قسەکردنی تۆ لەگەڵ کەسی بەرامبەر دەکرێت چ دەرەنجامێکی بۆ تۆ، کەسی بەرامبەر یان کەسانی دیکە هەبێت؟

گەلاتیا ٦: ١- ٢؛ لێڤییەکان ١٩: ١٧- ١٨؛ عیبرانییەکان ١٠: ٢٤

### بە خۆشەویستییەوە خۆت ئامادە بکە

ئەگەر بڕیارت داوە کە لەگەڵ کەسی بەرامبەردا قسە بکەیت، خۆت بخە جێگەی ئەو و بزانە حەز دەکەیت ئەو کەسە چۆن لەگەڵ بجوڵێتەوە. پێداچوونەوە بەسەر بەرنامە وئامانج و خواست و ویستی دڵت بۆ ڕۆیشتن بۆ لای ئەو کەسە بکە.

کاتێ کەسێ دێت بۆ لات بۆ ئەوەی دەربارەی بابەتێک قسەت لەگەڵ بکات کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە تۆوە نییە، یەکەم جار بڕیار بدە ئاخۆ تۆ کەسێکی گونجاویت بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسە یان نا؟ ئەگەر وەڵامەکە ئەرێنی بوو، ئەوا نوێژ بکە  و یارمەتی ئەو کەسە بدە تاکو دەور و ڕۆڵی خۆی لەم ناکۆکییەدا بزانێت. ئینجا ئەم خاڵانە جێبەجێ بکە.

**خۆت لە زەمکردن و لە پاشەملەقسەکردن بپارێزە**

لەلای هیچ کەسێک بە شێوەیەکی نەشیاو باسی کەسێکی دیکە مەکە. (پەندەکانی سلێمان ١٦: ٢٨؛ ٢٥: ٨- ١٠؛ ٢٦: ٢٠).

**دادپەروەر و بێلایەن بە**

یارمەتییان بدە کە لەگەڵ بۆچوون و ڕوانگەی خۆیاندا، سەرنجی بۆچوونەکانی لایەنی بەرامبەریش بدەن. (پەندەکانی سلێمان ١٨: ١٧؛ ئەفەسۆس ٤: ١٥؛ یەکەم تیمۆساوس ٥: ٢١).

**داناییانە ڕاوێژی بکە**

بە لەبەرچاوگرتنی هەنگاوەکانی قۆناغی یەکەم کە تایبەتە بە دەور و ڕۆڵەکەی، بە شێوەیەکی داناییانە ڕێنمایی بکە. "ئەو داناییەی لە ئاسمانەوەیە، لەپێش هەموو شتێک پاکە، دواتر ئاشتیخوازە، خۆنەویستە، گوێڕایەڵە، پڕ لە بەزەییە و بەروبوومی چاکە، لایەنگر نییە، دووڕوو نییە" (یاقوب ٣: ١٧).

## هەنگاوی دووەم

## ئەگەر گونجاوە و دەکرێت، سەردانی کەسی بەرامبەرت بکە

(لەوانەیە بۆ گەیشتن بە ئاشتی، زیاتر لە جارێک ئەم کارە ئەنجام بدەیت.)

### دوای ئەنجامدانی هەنگاوی یەکەم، ئەگەر پێت وایە کە دەبێت لەگەڵ کەسی بەرامبەر قسە بکەیت، ئەوا:

**بە خۆشەویستییەوە بڕۆ بۆ لای ئەو کەسە**

لە هەمان کات و شوێن و بە هەمان ئەو هەڵسوکەوتەوە بڕۆ بۆ لای کەسی بەرامبەر کە ئەگەر لە جێگەی ئەو کەسە بوایی، حەزت دەکرد ئەویش بەو جۆرە بێت بۆ لات. (مەتا ٧: ١٢؛ گەلاتیا ٦: ١؛ پەندەکانی سلێمان ٢٥: ٨- ١٢)

**لەو گوفتار و قسانە سوود وەربگرە کە خودا شکۆدار دەکات**

لەو ڕستە و دەستەواژانە کەڵک وەربگرە کە حاڵەتی کەسیی خۆت دەردەخات و بەرامبەرەکەت تۆمەتبار ناکات. ئاماژەی جەستەییەکانت با لەسەرخۆ بن و خۆت لە هەڕەشەکردن بەدوور بگرە. (ئەفەسۆس ٤: ٢٩؛ پەندەکانی سلێمان ١٥: ١؛ ٢٥: ١١- ١٢)

**لە قووڵایی دڵتەوە دان بە هەڵەکانتدا بنێ**

ئەگەر بە جۆرێک لەو کێشەیەدا دەستت هەیە کە سەریهەڵداوە، لەبەر ئەو هەڵەیە تۆبە بکە. (دووەم کۆرنسۆس ٧: ٨- ١١)

**گوێ بگرە**

لە گوێگرتندا خێرا بە، لە تووڕەییدا لەسەرخۆ بە، وە بەوپەڕی سەرنجەوە گوێ لە کەسی بەرامبەرت بگرە. (یاقوب ١: ١٩؛ پەندەکانی سلێمان ١٨: ١٧)

**ببەخشە**

ئەگەر کەسی بەرامبەر تۆبەی کرد، ئەوا لێی خۆش بە. (لۆقا ٧:

### دوای ئەنجامدانی هەنگاوی یەکەم، ئەگەر گەیشتی بەو ئەنجامەی کە دەبێت لەگەڵ یەکێک لە لایەنەکان قسە بکەیت، ئەوا:

**بە خۆشەویستییەوە بڕۆ بۆ لای ئەو کەسە**

لە هەمان کات و شوێن و بە هەمان ئەو هەڵسوکەوتەوە بڕۆ بۆ لای کەسی بەرامبەر کە ئەگەر لە جێگەی ئەو کەسە بوایی، حەزت دەکرد ئەویش بەو جۆرە بێت بۆ لات. (مەتا ٧: ١٢؛ گەلاتیا ٦: ١؛ پەندەکانی سلێمان ٢٥: ٨- ١٢)

**لەو گوفتار و قسانە سوود وەربگرە کە خودا شکۆدار دەکات**

لەو ڕستە و دەستەواژانە کەڵک وەربگرە کە حاڵەتی کەسیی خۆت دەردەخات و بەرامبەرەکەت تۆمەتبار ناکات. ئاماژەی جەستەییەکانت با لەسەرخۆ بن و خۆت لە هەڕەشەکردن بەدوور بگرە. (ئەفەسۆس ٤: ٢٩؛ پەندەکانی سلێمان ١٥: ١؛ ٢٥: ١١- ١٢)

**لە قووڵایی دڵتەوە دان بە هەڵەکانتدا بنێ**

ئەگەر بە جۆرێک لەو کێشەیەدا دەستت هەیە کە سەریهەڵداوە، لەبەر ئەو هەڵەیە تۆبە بکە. (دووەم کۆرنسۆس ٧: ٨- ١١)

**گوێ بگرە**

لە گوێگرتندا خێرا بە، لە تووڕەییدا لەسەرخۆ بە، وە بەوپەڕی سەرنجەوە گوێ لە کەسی بەرامبەرت بگرە. (یاقوب ١: ١٩؛ پەندەکانی سلێمان ١٨: ١٧)

### دوای ئەنجامدانی هەنگاوی یەکەم، کاتێک کە بە مەبەستی دانپێدانان بە هەڵە یان گوناهەکانت دەڕۆیتە لای کەسی بەرامبەر، ئەوا:

**بە خۆشەویستییەوە بڕۆ بۆ لای ئەو کەسە**

لە هەمان کات و شوێن و بە هەمان ئەو هەڵسوکەوتەوە بڕۆ بۆ لای کەسی بەرامبەر کە ئەگەر لە جێگەی ئەو کەسە بوایی، حەزت دەکرد ئەویش بەو جۆرە بێت بۆ لات. (مەتا ٧: ١٢؛ گەلاتیا ٦: ١؛ پەندەکانی سلێمان ٢٥: ٨- ١٢)

**ڕاستگۆیانە و بەوپەڕی ڕێزەوە دان بە هەڵەکانتدا بنێ**

هەوڵ بدە بەڕوونی دان بە گوناهەکانتدا بنێی و شێوازی قسەکردنت هاوکات بێت لەگەڵ هەستی پەشیمانی و ڕوونکردنەوەی تەواو.

**گوێ بگرە**

لە گوێگرتندا خێرا بە، لە تووڕەییدا لەسەرخۆ بە، وە بەوپەڕی سەرنجەوە گوێ لە کەسی بەرامبەرت بگرە. (یاقوب ١: ١٩؛ پەندەکانی سلێمان ١٨: ١٧؛ ٢٥: ١٢)

**ببەخشە**

ئەگەر کەسی بەرامبەر تۆبەی کرد، ئەوا لێی خۆش بە. (لۆقا ٧: ٣- ٤)

**ئەگەر کەسی بەرامبەر تۆی بەخشی، ئەو لێخۆشبوونە قبوڵ بکە و چیتر هەست بە مەحکومبوون مەکە** (یەکەم یۆحەنا ١: ٩)

**هەوڵ بدە کە هەڵەکانت قەرەبوو بکەیتەوە** (مەتا ٣: ٨؛ عیبرانییەکان ١٢: ١١؛ گەلاتیا ٦: ٧، ٨)

## بۆچی دەبێت "بەدوای ئاشتیدا بگەڕێین؟"

- **بەدوای** ئەو شتانەدا بگەڕێ کە بۆ بنیاتنانی ئاشتی و یەکتر بەکاردێن. (ڕۆما ١٤: ١٩)
- **تێبکۆشە بدە** کە ئاشتی لەگەڵ هەموو کەسێکدا بپارێزیت. (عیبرانییەکان ١٢: ١٤)
- **ئەوپەڕی هەوڵی خۆت بدە** کە یەکبوونی ڕۆح لەڕێگەی بەڵێننامەی ئاشتییەوە بپارێزیت. (ئەفەسۆس ٤: ٣)
- **هەتا دەتوانیت و ئەوەندەی کە پشت بە تۆ دەبەستێت،** لەگەڵ هەموو کەسێکدا بە ئاشتی بژی. (ڕۆما ١٢: ١٨)

## لە گەڕان بەدوای ئاشتیدا: پێنج پایەکە

١ خودا چاوەڕوانی ئەوەت لێدەکات کە لەگەڵ هەموو کەسێکدا بە ئاشتی و لێبوردەیی بژیت.

٢ شێوازی هەڵسوکەوتت لەگەڵ کەسانی دیکە، کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندیت لەگەڵ خودا.

٣ لەگەڵ هەموو کەسێکدا وەکو کەسێکی تایبەت کە دروستکراو و خۆشەویستیی خودایە هەڵسوکەوت بکە.

٤ بەبێ جیاوازی و دەمارگرژی لەگەڵ هەموو کەسێکدا مامەڵە بکە.

٥ کاتێک بەپێی کتێبی پیرۆز بەدوای ئاشتیدا دەگەڕێی، هەمووان بەرەکەتدار دەبن.



© PeacePursuit.org KUR v.1.0